# فاعلية استراتيجية التعليم المدمج في التحصيل الدراسى لدى طلاب الثامن الاساسى فى مادة العلوم الاجتماعية

هناء عدنان قادر عبدالله

جامعه گرميان ، كليه التربيه الاساسيه ، قسم العلوم الاجتماعيات.

Hana19081@gmail.com

المشرف الأول: أ.م..د.شوان فرج سعيد

كليه التربيه ، قسم الكيمياء

Shwan.faraj.@.garmian.edu.krd

المشرف الثاني :أ.د.عزالدين جمعه دهرويش

جامعه گرميان، قسم الجغرافيا

Azzadeen.jumaa@garmian.e-du.krd

**الكلمات المفتاحية**: فاعلية استراتيجية , التعليم المدمج , التحصيل الدراسى , طلاب الثامن الاساسى , العلوم الاجتماعية

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالله , هناء عدنان قادر , شوان فرج سعيد , عزالدين جمعه دهرويش , فاعلية استراتيجية التعليم المدمج في التحصيل الدراسى لدى طلاب الثامن الاساسى فى مادة العلوم الاجتماعية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Effect of Blended Teaching Strategies on Study Achievement Among Eighth Grade Students in Social Sciences

Hana Adnan Qadir Abdullah

Garmian University , College of Basic Education.

Asiis. Prof. .Dr.Shwan Faraj Saeed

Garmian University

Prof. .Dr.Ezaddin Juma Darwish

Garmian Univercity

**Keywords** : Effectiveness of blended learning strategy, academic achievement, eighth-grade students, social studies

**How To Cite This Article**

Abdullah ,Hana Adnan Qadir ,Shwan Faraj Saeed , Ezaddin Juma Darwish , The Effect of Blended Teaching Strategies on Study Achievement Among Eighth Grade Students in Social Sciences,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

The aim of the research is to: determine the effect of blended teaching strategies on learning achievement among eighth grade students in social sciences subject , The researcher depended on experimental design for equilibrium group , which consists of two groups: the experimental group was taught using the blended strategy, and the controlled group was taught in the conventional way the same subjects and post-tests to measure study achievement .

The research community consisted of eighth grade students in primary schools of Kifri Directorate of education for the academic year 2024-2025 , For 16 primary

schools, researcher selected Hataw Primary School for the research community as a sample for her research. The total number of students were 69. Randomly, Group A was designated as experiential group , and Group B became the controlled group In one group, after the elimination of the students who failed the tests, the number of students in both experimental and controlled groups were 50. The researcher balanced the variables between the two groups (age, previous year's marks in social subjects).

The researcher selected three chapters from the social studies textbook to determine the subject of study during the experimental period, and then a test was prepared on study achievement that consisted of 30 test items in the form of options of several tests, to ensure the accuracy of the tools was made available to a group of experts,and for reliability, test- retest procedures were used, and finally for statistical analysis of data (spss) was used and presenting the results of the study shows astatistically significant difference between the average scores of the experimental group and the controlled group in the study achievement test, which is in favor of the experimental group ..

ملخص البحث

هدف البحث هو التعرف على ( فاعلية استراتيجية التعليم المدمج على التحصيل الدراسى لدى طلاب الصف الثامن الأساسي في مادة الاجتماعيات).

لتحقيق هدف البحث اعتمدت الباحثه على التصميم التجريبي المتكافيء, مجموعة تجريبية تدرس طلابها على وفق استراتيجية التعليم المدمج , ومجموعة ضابطة درست طلابها بالطريقة الإعتيادية المتبعة,وتم الاختبار البعدي للتحصيل الدراسي.

تكون مجتمع البحث من طلاب الصف الثامن الاساسي في المدارس الاساسية التابعة لمديرية تربية كفري للعام الدراسي ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ) والبالغ عددهم ( ١٦ ) مدرسة اساسية وقد اختارت الباحثه مدرسه هتاو الاساسيه بطريقة قصديه كعينه البحث وعددها ( ٦٩ ) طالبا و طالبة وتم توزيعها الى مجموعتين بطريقة عشوائيه حيث أصبحت المجموعة (أ) كمجموعة التجريبية و المجموعة ( ب) كمجموعة ضابطة وبعد استبعاد الراسبين في كلتا المجموعتين اصبح عدد الطلاب في المجموعتين التجريبية والضابطة (٥٠) طالبا والطالبة .

قامت الباحثه بتوازن المجموعتين على أساس المتغيرات (العمر , درجات الطلاب في السنة السابقة في المواد الاجتماعية) .

لتحديد مواضيع الدراسة أثناء التجربة , اختارت الباحثة ثلاثة فصول من كتاب المواد الاجتماعية , ثم أعدت اختبارا في التحصيل الدراسي مكون من (٣٠) فقرة من نوع الاختيار من متعدد، وللتحقق من صدق الادوات تم عرضها على مجموعة من الخبراء والمتخصصين, وللثبات تم استخدام الأختبار وإعادة الاختبار , وأخيرا للتحليل الاحصائي للمعلومات تم استخدام برنامج (Spss), وأظهرت النتائج وجود فرق دال إحصائيا بين متوسط درجات المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة في اختبار التحصيل الدراسي, ولصالح المجموعة التجريبية .

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# فاعلية استراتيجية التعليم المدمج في التحصيل الدراسي لدى طلاب الثامن الاساسي في مادة العلوم الاجتماعية

**كاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان**

هناء عدنان قادرعبدالله ، زانکۆی گەرمیان ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

Hana19081@gmail.com

سەرپەرشتیاری یەکەم : پ.د.شوان فرەج سعید ، زانکۆی گەرمیان ، کۆلێجی پەروەردە، بەشی کیمیا

Shwan.faraj.@.garmian.edu.krd

سەرپەرشتیاری دووەم : پ.د.عزالدین جمعە دەرویش ، زانکۆی گەرمیان ، سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان.

Azzadeen.jumaa@garmian.e-du.krd

## پوختەی توێژینەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ( کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ) توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونیی بۆ گرووپی هاوسەنگ بەست ، کە دوو گرووپ لەخۆ دەگرێت ، گرووپی ئەزموونیی بەپێی ستراتیجی ( فێرکردنی ئاوێتە ) وانەیان پێدەوترایەوە ، گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگای ئاسایی هەمان بابەتیان پێدەوترایەوە، بە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ دەستکەوتی خوێندن.

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتی بوو لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٤- ٢٠٢٥ ) کە ژمارەیان (١٦) قوتابخانەی بنەڕەتی بوون ، توێژەر بە مەبەست قوتابخانەی هەتاوی بنەڕەتی هەڵبژارد لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ نموونەی توێژینەوەکەی ، ژمارەیان (٦٩) خوێندکار بوو کە بە شێوەی هەرەمەکی گرووپی (أ) بوو بە گرووپی ئەزموونی و گرووپی (ب) بوو بە گرووپی کۆنترۆڵکراو ، دوای دورخستنەوەی کەوتووەکان لەهەر گرووپێکدا ، ژمارەی خوێندکاران لەهەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بوو بە (٥٠) خوێندکار .

توێژەر هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گرووپەکەدا کرد لە گۆڕاوەکانی ( تەمەن ، نمرەی ساڵی پێشووتری خوێندکاران لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان)

توێژەر بۆ دیاریکردنی بابەتی خوێندن لەماوەی ئەزموونییدا ، سێ بەندی لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژارد ، و پاشان تاقیکردنەوەیەك ئامادەکرا لەسەر دەستکەوتی خوێندن کە پێکهاتبوو لە (٣٠) بڕگەی تاقیکردنەوە لەجۆری هەڵبژاردن لەچەند دانەیەك ، ، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی ئامرازەکان خرایە بەردەست کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆران ، بۆ جێگیریش تاقیکردنەوەو دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا ، وە لەکۆتاییدا بۆ شیتەڵکردنی ئاماریی داتاکان بەرنامەی (spss) بەکارهێنرا و بەخستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەکەوێ کە جیاوازی مانادارى ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن ، کە لەبەرژەوەندی گرووپی

ئە وشەی سەرەکی: کاریگەری ستراتیژی، فێربوونی تێکەڵاو، دەستکەوتی ئەکادیمی، خوێندکارانی پۆلی هەشتەم، خوێندنی کۆمەڵایەتیزموونیدایە .

بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

**کێشەی توێژینەوەکە**

لەهەرێمی کوردستان ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە ، بابەتێکی نوێیە سەرەڕای ئەوەی یەکێك لەڕێگە باشەکان بوو بۆ درێژەدان بەخوێندن لەنێو زانکۆکان و ڕزگارکردنی ساڵی خوێندن لە فەوتان ، بەڵام ناکرێت ئەوە پشتگوێ بخرێت کەهەتا ئێستا نازانرێت ئەم شێوازەی خوێندنە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیەکانی کامانەن ، چ کاریگەریەکیان هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن ، لەبەر ئەوە پێویستە وەك هەر بابەت و دیاردەیەکی دیکەی نوێ کە سەرهەڵداوە لە پرۆسەی پەروەردەدا بەشێوەیەکی زانستیانە بخرێتە سەر باس و لێکۆڵینەوە ، ئاستی باشی و لاوازییەکانی دیاریبکرێت چونکە زانینی ڕەهەندە نەزانراوەکان و کاریگەریەکانی لەسەر وانە جۆربەجۆرەکانی خوێندن یارمەتیدەر دەبێت بۆ نەهێشتنی گرفتەکان و ڕێخۆشکەر دەبێت لەبەردەم پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان.

بەپێی تێروانینی توێژەر و بەپێی بەدواداچوونەکانی توێژەر تائێستاش لە خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستاندا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی و جوگرافیا بەتایبەتی بەشێوازە کۆن و تەقلیدییەکانی پێشوو دەوترێتەوە ، سەرباری ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ زانکۆو پەیمانگاکانی مامۆستایان و ئەو خولانەی کەمامۆستایان لەماوەی پیشەی مامۆستاییاندا بەشداری تێدا دەکەن بۆ پەرەپێدانی زیاتری تواناکانیان ، بۆ ئەوەی بەتەواوی پشت بەڕێگا نوێیەکان و ستراتیجییە نوێیەکانی وانەوتنەوە ببەستن ، هەروەها کۆمپیوتەر بەشێوەیەکی فراوان لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا بەکاربهێنن، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا زۆرینەی مامۆستایان تائێستاش هەر ڕێگا کۆنەکانی وانەوتنەوە بەکار ئەهێنن، هەروەها توێژەر ئەوەشی بۆ دەرکەوتوە زۆرینەی خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی بەشێوەیەکی گشتی و خوێندکارانی قۆناغی هەشتی بنەڕەتی زۆر لاوازن لەتێگەیشتن لە جوگرافیا، لەکاتێکدا قۆناغی هەشتی بنەڕەتی قۆناغێکی زۆر گرنگ و چارەنوسسازە. لەمانەی سەرەوە توێژەر هەستی بەوە کرد کەلەبەردەم تەحدایەکی گەورەدایە.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە دەورژێنێت و هەوڵدەدات وەڵامێکی زانستیانەیان بۆ دەست بخات .

- کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە چیە لەسەر دەستکەوتی خویندن بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی جوگرافیا .

**گرنگی توێژینەوە**

بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەگرنگیی ئامانجەکانیدا بەرجەستە دەکات ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئەرکی خستنە پێشچاوی کاریگەریی و کارایی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە دەبێت بۆ پەروەردەکاران و لایەنی پەیوەندیدارو حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەوناوەندەکانی فێرکردن و مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا لەبەر ئەوەی فێرکردنی ئاوێتە یەکێك لەو ستراتیجییە نوێیانەیە ، کەهەردوو وەزارەت وەك جێگرەوەیەکی خوێندنی ئاسایی بۆ فێرکردن بەناچاری پەنایان بردە بەری بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەخوازراوەی ، کە (پەتای ڤایرۆسی کۆڤید – ١٩)هێناویەتیە ئاراوە. (١)

دەتوانرێت گرنگیی ئەم توێژینەوە لەچەند خاڵێکدا بخرێتە ڕوو:

١- فێرکردنی ئاوێتە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کاتەی ، کە بەهۆی پشوو یان هەر فاکتەرێکی دیکە وانەکانی خوێندکاران دەفەوتێت.

٢-سوودی بۆ خوێندکاران دەبێت ، کەبتوانن پشت بەخۆیان ببەستن لەپرۆسەی خود فێرکردنی بەردەوام.

٣- ڕێنمایی دەدات بەمامۆستایانی جوگرافیا لە قوتابخانەکانی هەرێم سەبارەت بەبەکارهێنانی ستراتیجیەتی وانەوتنەوەی تازە بەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر لەوانەوتنەوەدا .

٤-دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەپێشکەشکردنی توێژینەوەیەك بەزمانی کوردی لەسەر فێرکردنی ئاوێتە .

٥- دەکرێت توێژەران سوود لەمیتۆدو ڕاسپاردەکان وەربگرن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

١- زانینی کاریگەری ستراتیژی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەت کۆمەڵایەتیەکان / جوگرافیا .

٢- زانینی جیاوازی ڕەگەزی بۆ گۆڕاوی دەست کەوتی خویندن لای خویندکاران.

**گریمانەی توێژینەوەکە**

- گریمانەی یەکەم :جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە ژمیری نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کەبە ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە وانەیان پێدەوترێتەوە ، لەگەڵ ناوەندە ژمیری نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کەبەڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

- گریمانەی دووەم : جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لەهەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

١-أحمد مەلا،سۆران حمە أمین(٢٠٢٤)، کاریگەری ستراتیجیەتی فێرکردنی ئاوێتە لەبەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، سلێمانی ، ل ١٢،١١.

**سنوری توێژینەوە**

١- سنوری مرۆیی : خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری کفری.

2-سنوری بابەت : بەندەکانی (یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان /جوگرافیا چاپی ٢٠٢٢

٣- سنوری شوێن : قوتابخانەی هەتاوی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری کفری لەسنوری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری.

4-سنوری کات: وەرزی دووەم ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

**پێناسەی زاراوەکان**

یەکەم : کاریگەری

١- البرزنجی (٢٠١٧):بەرهەمی فێرکردنی خوازراو بەدەست دەهێنرێت لەلایەن قوتابییەوە لەئەنجامی پرۆسەی فێربوون ، هەروەها بریتیە لەبڕی گۆڕانکاریی بەدەستهاتوو لەبەدەستهێنانی زانیارییەکانی قوتابیی .( البرزنجی ٢٠١٧ ل ٢٠.)

٢- ئەلسەعیدی (٢٠١٨) : کۆمەڵێك مەعریفەو کارامەیی بەدەستهاتووە ، لەڕێگای بابەتەکانی خوێندن پەرەیان سەندووە ، نمرەی تاقیکردنەوە بەڵگەیە لەسەریان (ئەلسەعیدی ٢٠٢٢ ل ١٤ )

دووەم: ستراتیج

١- الساعدي،٢٠٢٠: ڕێکارە یان کۆمەڵێك ڕێکاری دیاریکراوە ، مامۆستا ئەنجامیان دەدات ، بۆ ئەوەی وابکات پرۆسەی فێربوون خێراترو ئاسانترو چێژ بەخشتر بێت ، بەشێوەیەکی گەورەتر ئاراستەکردنی خودی بێت ، لەگەڵ ئەوەی شیاوی گواستنەوەیە بۆ هەڵوێستی نوێ . (الساعدی ٢٠٢٠ ص ٦.)

٢-شێخانی (٢٠٢٢): پلانێکی تۆکمە بنیاتنراوە ، نەرم و نیانە لەجێبەجێکردندا ، لەڕێگەیەوە سەرجەم تواناو ئامرازە بەردەستەکان بەشێوەیەکی گونجاو بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی شیاویی ، چەندین جۆری ئاوێتەبوون لەخۆ دەگرێت لەنێوان مامۆستاو فێرخواز و بابەتی زانستییدا . (شێخانی ٢٠٢٢ ل ١٧)

سێیەم: فێرکردنی ئاوێتە

١- محمود (٢٠٢١):فێرکردنێکە هەردوو شێوازی فێرکردنی ئاسایی و نێوپۆل و فێرکردنی ئەلکترۆنی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئاوێتە دەکات بەشێوەیەك کە بەشداریکردنی خوێندکاران بەرز دەکاتەوە و کاریگەری فێرکردن و کارایی خوێندکار باشتر دەکات (محمود ٢٠٢١ ص٢٢)

٢-الشملتي (٢٠٢٢): بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ لە پرۆسەی فێربوون و بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی فێربوون و فێربوون ، بەگوێرەی تیۆرە جیاجیاکانی فێربوون کە گونجاون لەگەڵ تواناکانی فێرخوازاندا ، ئەمەش لەپێناو چالاککردن و پێشخستنی زیاتری پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا. (الشملتي ٢٠٢٠ ص١١.)

پێناسەی ڕێکاری توێژەر :بریتییە لەو ستراتیجە هاوچەرخەی فێرکردن ، کەبەهۆی دەرکەوتنی ڤایرۆسی (کۆڤید ١٩) وە دەرکەوت و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان وەك بژاردەیەك پەنای بردەبەر بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە نالەبارە ، ئەویش بە ئاوێتەکردنی شێوازی فێرکردنی ئاسایی و ئۆنلاین ، لە جێبەجێکردنی پرۆسەکەو تاقیکردنەوەکاندا .

چوارەم : دەستکەوت

١- مەندەلاوی (٢٠٢٢) : دەرئەنجامی ئەو زانیارییەیە ، کەفێرخواز فێری دەبێت ، وەئاستی بەرەو پێشچوونیەتی لەبابەتێکی فێرکاریدا دوای خوێندنەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، ئەمەش بەڕێگای تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەزانرێ. ( مەندەلاوی ٢٠٢٢ ل ١٦)

٢-الشیخ (٢٠١٨) : زاراوەی دەسکەوتەکانی فێربوون بەپێی فەرهەنگە پەروەردەییەکان ئەم زاراوەیە بریتییە لەهەموو ئەو زانیاری و ئەزموون و کارامەیی و شێوازی بیرکردنەوەو حەزو خولیایانەی کە فێرخوازان لەمیانەی قوتابخانەو وانەو پرۆگرامەکانی فێربوونەوە فێری دەبن ، هەروەها دەتوانین لەڕێگەی ئەو هەڵسەنگاندانەی کەمامۆستایان بۆ فێرخوازانی دادەنێن ئاست و ڕادەی دەسکەوتەکانی فێربوون لەلای فێرخوازان بزانین . (الشیخ ٢٠١٨ ص١٤) .

**بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**چەمکی فێرکردنی ئاوێتە**

فێرکردنی ئاوێتە شێوازێکی فێربوون و فێرکردنە کە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە ، چونکە بریتییە لە تێکەڵکردنی ڕێگاو ستراتیجییەکانی فێرکردن لەگەڵ هۆکارە جۆراوجۆرەکانی دیکەدا ، هەربۆیە چەند ناو زاراوەیەك بۆ ئەم جۆرە فێربوونە بەکاردێت وەك ( فێربوونی تێکەڵ )، فێربوونی دوو شێوە) ، (فێربوونی گرێدراو ).( عباس ٢٠٢٢ ص ٢٣٩.).

فێربوونی ئەلیکترۆنی پێناسە ئەکرێت بەوەی یەکێکە لەشێوازەکانی فێربوون و فێرکردن کە گرێدەری فێربوونی ئەلیکترۆنی و فێربوونی ناوپۆلە لەیەك چوارچێوەدا ، لەم فێربوونەدا شێوازە جۆراوجۆرەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی بەکارئەهێنرێت جا ئیتر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بێت یان بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بێت لە پۆلدا ، یان دروستکردنی پۆلی زیرەك ، زۆرینەی جار ئەم جۆرە فێربوونە پشتەبەستێت بەوە کە مامۆستایان و فێرخوازان ڕووبەڕووبن لە پرۆسەکەدا.( الريماوي ٢٠١٤ ص ١٤،١٣).

**ئامانجەکانی فێرکردنی ئاوێتە**

١- خستنەڕووی چەندین دەرفەتی جۆراوجۆری فێربوون بەشێوەی جیاجیا ، کەهاوکارە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی قوتابیانی سەرکەوتوو ، هەروەها ڕۆڵی هەیە لەبەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی

٢- سوود وەرگرتن لەتەکنەلۆجیای نوێ و ئەو شۆڕشە زانیارییەی کەلەسەردەمی نوێدا هاتۆتە کایەوە ، بەبێ پشت گوێخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان کەلەڕێگەی وەرزە ئاساییەکانی خوێندنەوە ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و مرۆییە دروستەبێت ، جگە لەمەش فێرخواز توانادار ئەبێت بۆ کارلێککردن لەگەڵ پرۆسەی فێربوون بەشێوەیەکی پێشکەوتوو ، هەروەها وا لە فێرخواز ئەکات بەشێوەیەکی ئەرێنی لەگەڵ داواکارییەکانی ئەم سەردەمە نوێیەدا بگونجێت) سلامة ٢٠١٥ ص ٣٤)

٤- گەیشتن بە زۆرترین ڕێژەی فێرخواز، لەکەمترین کاتدا و بەکەمترین تێچوون.

٥- هێنانەکایەی هۆکارەکانی هاندان و نوێکاری و گۆڕان لە پرۆسەی فێربووندا.

٦- گۆڕان و گەشەپێدانی ڕۆڵی مامۆستا لەوەی کە تاکە سەرچاوەی فێربوون بێت لە پرۆسەکەدا، بۆ هاوکار و ڕێنیشاندەر بە پشت بەستن بەسەرچاوەی جۆراوجۆر.( سرحان ٢٠٢٣ ص٣٦٣ ).

**جۆرەکانی فێرکردنی ئاوێتە**

١- گرێدانی فێربوونی ڕاستەوخۆ لەسەر ئینتەرنێت(Online) لەگەڵ فێربوونی ناڕاستەوخۆ(Offline)، ئەم هەنگاوەش لە چوارچێوەی پۆلە ئاسایی و تەقلیدییەکاندا ڕوودەدات، وەك بەرنامەکانی فێربوون و سەرچاوەکانی توێژینەوە کە بەردەستن لە ئینەتەرنێتدا، لەم کاتەدا مامۆستا لە پۆلە ئاساییەکانی فێربوون ئەکاتە ڕایەڵە یان ناوەندێك بۆ ئەوەی فێرخوازان فێربکات کە چۆن سود لەو وانەو سەرچاوانەی توێژینەوە وەربگرن کە لە ئەنتەرنێتدا بەردەستن.

2- گرێدانی فێربوونی خودی کە لەلایەن خودی فێرخوازەوە ئاڕاستەئەکرێت، لەگەڵ فێربوونی بەکۆمەڵ، کە نیشانەو بەڵگەیە لەسەر فێربوونی میکانیکی و کارا لەنێوان ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازاندا و نزیککردنەوەیان لە یەکتر لە ڕووی زیرەکییە هاوبەشییەکانیانەوە، وەك( کۆنفرانسی ڕاستەوخۆ لە شێوەی ڤیدیۆ کە تێیدا ڕاوبۆچونەکانی تێدا ئاڵوگۆڕئەکرێت و گفتوگۆ و موناقەشەی تێدا ئەکرێت، بەئامادەبوونی ڕێکخەری گفتوگۆکان (أبو ريش ٢٠١٣ ص١).

٣- گرێدانی فێربوونی نوسرا و نەنوسرا(یان فێربوونی پلان بۆدانر و بێ پلان)، ئەمەش کاتێك بەدیدێت کە هەوڵبدرێت بۆ دارشتنی پرۆگرامی فێربوونی تێکەڵ لە ڕێگەی موحازەرە، بەڵگەنامە نەنوسراوەکانی پەیوەست بە فێربوونەوە و گۆڕینیان بۆ کۆمەڵێك زانیاری کە بتوانرێت بەکاربهێنرێن، هەروەها بخرێنە بەردەستی فێرخوازان بەپێی پێداویستییەکانیان، بۆ پاڵپشتی کردنی ڕۆڵو ئاستی فێرخوازان لە بواری فێربوون کاری بەکۆمەڵدا، لە نموونەی(کۆبوونەوە، گفتوگۆی ناڕێکخراو یان گفتوگۆی ئاسایی لە مەمەڕ(ڕاڕەوەکان)ـی خوێندنگەدا، بەکارهێنانی نامەی ئەلیکترۆنی.

٤- گرێدانی فێربوونی ڕێکخراو بەشێوەی لە پێشینە(پێش دەسکردن بەکارێکی نوێ) بەکارهێنان، جێبەجێکردن(بەبەکارهێنانی نموونەکانی لاسایکردنەوەی ئەرك یان کارەکان)، هەروەها کەرەستەکانی قاڵپشتیکردنی خێرایی کارەکان، کە جێبەجێکردنی ئەرکەکان بەشێوەیەکی ئاسان دەسەبەرئەکات، هەروەها دەسەبەرکردن و هێنانەکایەی ژینگەی نوێ بۆ کارکردن، کۆکردنەوە و گرێدانی کارەکان لەسەر کۆمپیوتەر، کارامەییەکانی پێکەوەکارکردن و هاوکاری، کەرەستەکانی پاڵپشتی کردنی ڕۆڵ (مطیر ٢٠١٥ ص١٥)

**دەستکەوتی خوێندن**

**چەمکی دەستکەوتی خوێندن**

بریتیە لەو زانیاری و دەسکەوتانەی کە فێرخواز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناوەڕۆکی وانەکە دەستی کەوتووە یان وەریگرتوە، ئاست و ڕێژەی ئەم وەرگرتنەش لەو تاقیکردنەوانەدا دەرکەوێت کە مامۆستا لە بەدرێژایی ساڵی خوێندن بە فێرخوازەکانی ئەکات، بۆ زانینی ئاست و وەرگرتنی ئەو زانیاری و چەمك کارامەییانەی کە فێرخوازان لە وانەکان وەریانگرتوە، ئەم تاقیکردنەوەش لە کاتی دیاریکراودا ئەنجام ئەدرێت یان لە کۆتایی پرۆسەی خوێندندا ئەنجام ئەدرێت (وهدان ٢٠٢٠ ص٢٤).

چەمکی دەسکەوتی خوێندن بەکارئەهێنرێت بەمەبەستی ئاماژەدان بە تواناکانی فێرخوازان بۆ سەرکەوتن لە قوتابخانەدا، جا مەبەست لە سەرکەوتن یان دەسکەوت بەشێوەیەکی گشتی بێت لەسەرجەم وانەکاندا، یان مەبەست وانەیەکی تایبەت و دیاریکراو بێت (سلیمان ٢٠١٥ ص ٢١).

**گرنگی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

تاقیکردنەوەکانی دەسکەوتی خوێندن ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە لە پرۆسەی فێربووندا، ئەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبدەین

١- هاندان: تاقیکردنەوەکانی دەسکەوتی فێربوون کاریگەری لەسەر هەموو چالاکییەکانی قوتابخانە هەیە، لە سادەترین شێوەدا تاقیکردنەوەکان ئەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی خوێندکاران خۆیان ئامادەبکەن، بە بابەتەکاندا بچنەوە، ناتوانین بگەینە ئاستی ڕێژەی فێربوون لەلای فێرخوازان لە هیچ پرۆسەیەکی فێرکردندا بەبێ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.

٢-دیاریکردن و چارەسەرکردن: تاقیکردنەوەکان هاوکاریمان ئەکەن بۆ ئەوەی ئاستی مەعریفەی پێشوەختەی فێرخوازەکان بزانیین، هەر لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە بە خاڵە لاوازو بەهێزەکانی فێرخوازان ئاشنا ئەبین، پێش ئەوەی دەسبکەین بە خوێندنی بابەتێکی نوێ (الکرعاوی ٢٠٢٤ ص٣٧).

٣- دەستنیشان کردنی لەمپەرەکانی بەردەم فێربوون بەمەبەستی ڕێکخستن و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ لەمپەرو کێشەکانی بەردەم پرۆسەی فێربوون.

٤- هاوکارەبێت لە هەڵسەنگاندنی ئاستی کاریگەری ستراتیژییەکانی فێربوون، بەتایبەت ئەگەر هاتوو هەموو ئەنجامەکانی فێرخوازان لەبەرچاو بگرین، ئەگەر هاتوو زۆرینەی فێرخوازان ئاست و ئەنجامێکی نزمیان بەدەست هێنابوو، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کێشە لە ستراتیژییەکانی فێرکردندا هەیە.

٥- یارمەتیدەرەبێت بۆ ئەوەی کە بتوانین پارێزگاری لە فێربوون و ئەوزانیاریانە بکەین کە فێریان بووین بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەم پارێزگاریکردنەش لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ناوبەناوەوە بەدیدێت.

٦- هاوکارەبێت بۆ پێشبینیکردنی دەسەکەوتەکانی فێربوون لەلای فێرخوازان، وە زانیاریمان ئەداتێ لەسەر ڕادەی سەرکەوتنیان لە فێربوونی دیکەدا (الشجيري ٢٠٢٢ ص ٢٤٨).

**٢-٢: توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-٢-١:ئەو توێژینەوانەی کەباسیان لەستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە و کاریگەری لەسەر دەستکەوت کردووە.**

| ژ | ناوی توێژەر | ئامانجی توێژینەوە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە قەبارەی نموونەی | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سۆران :٢٠٢٤، سلێمانی | زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی فێرکردنی ئاوێتە لەبەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی | خوێندکارانی قۆناغی سێیەم بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارەیان (٧٩)، نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٦٠) خوێندکار بۆ هەردوو گرووپ | ئەزموونی | - هاوکێشەی کوپەر -هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن - ناوەندی ژمێری - تاقیکردنەوەی تائی - هاوکۆڵکەی جیاکاری | لەئەنجامدا دەرکەوتووە ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان |
| ٢ | ایناس :٢٠٢١، فەلەسطین | زانینی ڕۆڵی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەگەشەپێدانی بەردەوامی لای خوێندکارانی زانکۆی فەلەسطین | سەرجەم ئەندامانی فاکەڵتی زانکۆکانی فەلەسطین ژمارەیان (٥٠٠٠) نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە ١٣٠ | وەصفی | - ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری - تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ نموونەی سەربەخۆ - هاوکۆڵکەی | لەئەنجامدا دەرکەوتووە کەجیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەئاستی (٠,٠٥)هەیە لەنێوان وەڵامەکانی تاکەکان سەبارەت |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لەڕوانگەی ئەندامانی فاکەڵتیەوە | پرسیار | | ئەنۆڤا - هاوکۆڵکەی ئەلفا کرونباخ | بەڕۆڵی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەگەشەپێدانی بەردەوامی لای خوێندکارانی زانکۆی فەلەسطین |
| ٣ | فاطمة، ٢٠٢٢: فەلەسطین | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی زانستی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانست و ژیان لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەباتیە | سەرجەم خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی سەربەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەباتیە ژمارەیان (٢٩٧٥) نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٦١) خوێندکار | ئەزموونی | - ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری - هاوکۆڵکەی ئەنۆڤا | لەئەنجامدا دەرکەوتووە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەنێوان تێکرای نمرەکانی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەگرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکرا و لەتاقیکردنەوەی دوای دەستکەوت هەبوو |
| ٤ | سحر، ٢٠١٩: الاردن | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانست | سەرجەم خوێندکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەخوێندنگەی نێو دەوڵەتی ئەلعەقیق . نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ١٢٠ خوێندکاری نێرو مێ | ئەزموونی | -ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری -هاوکێشەی تباین - تاقیکردنەوەی تائی -هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ | ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە رۆڵێکی گرنگی هەبوو لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانست |
| ٥ | خالد،٢٠١٦ | زانینی | نموونەی | ئەزموونی | - | لەئەنجامدا |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | : صلاحدين | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی ئاوێتە لەوەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی حەزی بەدواگەڕانی جوگرافی لایان | توێژینەکە برێتییە لە ١٣٠ خوێندکار بۆ چوار گرووپ | | تاقیکردنەوەی تباین - تاقیکردنەوەی کا-کودر ریشادرسون تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ نموونەی سەربەخۆ -هاوکۆڵکەی ئەلفا کرونباخ | دەرکەوتووە ستراتیژی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەری هەیە لەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا بۆ خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەوەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان |
| ٦ | فراس ٢٠١٤، : عمان | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لەفێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا لەسەر دەستکەوتی ڕاستەوخۆ و دواخراو لەنێوان خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی | نموونەی توێژینەوەکە برێتیە لە ٦٠ خوێندکار بۆ هەردوو گرووپ | ئەزموونی | ـناوەندە ژمێری -لادانی پێوەری | لەئەنجامدا دەرکەوتووە کەجیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان تێکڕای دەستکەوتی پێشەکی و پاشەکی لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدا هەبووە و |

بەشی سێیەم :ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

**میتۆدی توێژینەوە**

بەو پێیەی ئامانج لەم توێژینەوەیە ( زانینی کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتەیە لەسەر دەسکەوتی خوێندن ) ، هەر بۆیە ( میتۆدی ئەزموونیی ) بەگونجاو زانرا ، لەبەر ئەوەی لەم میتۆدەدا تاقیکردنەوەی گریمانەیی و ئەزموونیی بەکاردەهێنرێت .

**دیزاینی توێژینەوەکە**

توێژەر هەڵساوە بەبەکارهێنانی دیزاینی ئەزموونگەریی بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەویش بەبەکارهێنانی دوو گرووپ گرووپی ئەزموونگەری کەوانە دەخوێنن بەرێگای ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە ، گرووپی کۆنترۆڵکراو وانە

دەخوێنن بەڕێگای ئاسایی بەهۆی سروشتی توێژینەوەکە کە پێویستی بە دوو گرووپی هاوتا هەیە بۆ دیاریکردنی کاریگەری یەك گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوەکە .

هەر بۆیە توێژەر پشتی بەدیزاینی نیمچە ئەزموونیی بەستووە کە گونجاو بوو بۆ بارودۆخی توێژینەوەکەی ، لەژێر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەدا هەردوو گرووپ (ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو ) کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت.

**کۆمەڵگای توێژینەوە**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەخوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانەکانی ناوەندی شاری کفری لەسنوری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری کەپێکهاتبوون لە (١٦)قوتابخانەی بنەڕەتی کەپۆلی هەشتەمییان هەیە و ژمارەی خوێندکاران بەگشتی دەگاتە (٨٣٦) خوێندکارانی کوڕو (٤٤٨) خوێندکارانی کچ (٣٨٨) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

**نموونەی توێژینەوە**

بۆ ئەم توێژینەوەیەش توێژەر سامپڵێکی لەکۆمەڵگەی توێژینەوە هەڵبژاردووە کە ،ژمارەییان (٦٩) خوێندکارە (١٩) خوێندکار دوورخرایەوە لەبەر ئەوەی دووساڵە بوون ژمارەی هەریەك لەگرووپی ئەزموونیی پێکهاتبوو لە (٢٥) خوێندکار ، لەهەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ ) کەنوێنەری کۆمەڵگەکەو خاوەنی هەمان سیفات و تایبەتمەندیی ئەندامەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەن . بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەڵساوە بەهەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەی بەڕێگای مەبەستدار کەبریتییە لە خوێندکارانی قوتابخانەی (هەتاوی ) بنەڕەتی سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری کەیەکێکە لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی شاری کفری .

**هاوتاکردنی گرووپەکانی توێژینەوە**

هاوتابوونی نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە گرنگە پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە ، چونکە توێژەر دەبێت هەندێك ڕێکار بگرێتە بەر بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕاوانەی کە ڕەنگە کاریگەریان هەبێت لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکە . (عبیدات ١٩٩٨ ص ٢٥٢).

بەڵام توێژەر بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەهاوتای گرووپەکانی توێژینەوەکە چەند گۆڕاوێکی دیاریکرد کە بەراوبۆچوونی کاریگەریی دەبێت لەسەر هاوتای خوێندکاران ئەو گۆڕاوانەش بریتیین لە :

- تەمەنی خوێندکاران

- نمرەی کۆتای ساڵی پێشوو لەبابەتەکۆمەلایەتییەکان

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ڕێوشوێنی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی هەریەك لەو گۆڕاوانەی دەستپێکرد ، بەمەبەستی هاوتاکردنی گرووپەکان ، زانیارییەکانی لەتۆماری قوتابخانە دەستکەوت بەم شێوەی خوارەوە:

**تەمەنی خوێندکاران**

بەمەستی زانینی ڕادەی هاوتای تەمەنی خوێندکاران لەنێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە بەرواری لەدایك بوونی خوێندکاران بە ( ڕۆژ ، مانگ ، ساڵ ) لەتۆماری قوتابخانە وەرگیرا وەك لە پاشکۆی ژمارە (4) دیارە ، بۆ دڵنیابوون لەڕادەی هاوتایی لەنێوان هەردوو پۆلی هەشتەمی ( أ - ب ) بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ نموونەی سەربەخۆ ، بەمەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماریی لەنێوان هەردوو گرووپی ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو ، لەئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری ئاماری نییە ، چونکە بەهای (T) ئەژمارکراو

بریتیی بوو لە (١,٧٤٥) کەمترە لەبەهای خشتەیی (٢,٠٠٩) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازاد (٤٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گرووپ لەگۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن .

**خشتەی ژمارە (١)**

| گرووپ | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی T | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | (٠,٠٥) | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ١٦٦,٠٠ | ٣,٥٤٧٣ | ١,٧٤٥ | ٢,٠٠٩ | ٤٨ | بەڵگەدار نیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ١٦٤,٢٨ | ٣,٤٢١٩ | | | | |

**نمرەی کۆتای ساڵی پێشوو لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان**

نمرەی کۆتایی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤) واتا ساڵی پێشووی خوێندن لەبابەتە کومەڵایەتییەکان ، نمرەی هەریەك لەخوێندکارانی هەردوو گرووپ لەتوماری قوتابخانە وەرگیرا بەو شێوەیەی کەلە پاشکۆی ژمارە (5) دیاریکراوە . پاشان توێژەر بەمەبەستی زانینی ڕادەی هاوتایی بۆ دیاریکردنی هەبوون یان نەبوونی جیاوازیی لەنێوان خوێندکارانی هەردوو پۆلەکە هەستا بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (T.test) بۆ نموونەی سەربەخۆ ، پاش دەرهێنانی ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گرووپ و بەهای (T) ئەژمارکراو بریتی بوو لە (0.057) کەمتر لەبەهای خشتەیی (2.009) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بەنمرەی ئازاد (٤٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گرووپ هاوسەنگن لەڕووی نمرەی ساڵی پێشوو.

خشتەی ژمارە(٢)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری لەنمرەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ساڵی پێشوو**

| گرووپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی T | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٨٨,١٦٠٠ | ٩,٧٢٤٠٣ | 0.057 | 2.009 | ٤٨ | بەڵگەدار نیە |
| کۆنترۆڵکراو | ٨٨,٣٢٠٠ | ١٠,٢٥٣٩٤ | | | | |

**پێداویستیەکانی توێژینەوە**

هەموو ئەو ڕێو شوێن و پێداویستیانە دەگرێتەوە کە گرنگن و پێویستە ئامادە بکرێن بەمەبەستی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە و پێکدێن لە:

**دیاریکردنی بابەتی خوێندن**



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

بابەتی خوێندن دیاریکرا وەك لەسنوری توێژینەوەکە ئاماژەی پێدراوە بابەتی خوێندن لە (٣) بەش پێکهاتووە ، کە بریتین لە بەندەکانی ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم ) لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بڕیار لەسەردراو بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەشی جوگرافیا ، بابەتی دیاریکراو بەپێی کاتی تەرخانکراو بۆ توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە بەشەکان و ناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان بەو شێوەیەی کەلەخشتەی ژمارە (٥) دیارە .

**خشتەی ژمارە(٥)**

دیاریکردنی بەشەکان و ناونیشانی هەر بەشێك و ژمارەی لاپەڕەکان بۆ بابەتی توێژینەوەکە

| بەشەکان | ناونیشانی بەشەکان | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | کیشوەری ئاسیا | ١٤ |
| دووەم | کیشوەری ئەوروپا | ١١ |
| سێیەم | کیشوەری ئەفریقیا | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٣٨ | |

**داڕشتنی ئامانجە ڕەفتاریەکان**

توێژەر هەستا بەئامادەکردنی ئامانجە ڕەفتاریەکان کە بریتی بوون لە (١٠٠) ئامانج وەك لە پاشکۆی ژمارە (٦) دیارە بۆ هەردوو لایەنی ( مەعریفی و دەروون جوڵەیی ) بەپێی کات و ماوەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە کە

(١٣) پلانی وانەوتنەوەیە بۆ هەر گرووپێك كە بەشێوەیەكی زانستی ئامادەكران و خرایە بەردەم كۆمەڵێك لەهەڵسەنگێنەرانی بواری ڕێگاكانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا .

بۆ دڵنیابوون لە دارشتنی هەر ئامانجێك لە ئامانجەكان بەپێی ئاستەكانی بلوم توێژەر پشت بەست بەرێژەی (٩٤,٨٨) بۆ سەرەوە وەك پێوەرێك بەكارهێنا بۆ پەسەندكردنی هەر ئامانجێك ، پاشان دارشتنی كۆتای ئامانجەكان بۆ ئاستە دیاریكراوەكان بەم شێوەیە مایەوە (٤٥) ئامانجی رەفتاری بۆ ئاستی یادكردنەوە ، (٣٢) ئامانجی رەفتاری بۆ ئاستی تێگەیشتن ، (١٢) ئامانجی رەفتاری بۆ ئاستی جێبەجێكردن ، (١١) ئامانجی رەفتاری بۆ ئاستی شیكردنەوە.وەك لە خشتەی ژمارە(٦) دیار

**خشتەی ژمارە (٦)**

بەشەكانی پەرتووكی خوێندن و ئاستەكانی پۆلێنی بلۆم و ژمارەو كۆی ئامانجەكان بۆ هەر بەشێك

| بەشەكان | یادكردنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێكردن | شیكردنەوە | كۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| یەكەم | ١٨ | ١٠ | ٥ | ٤ | ٣٧ |
| دووەم | ١١ | ١١ | ٤ | ٣ | ٢٩ |
| سێیەم | ١٦ | ١١ | ٣ | ٤ | ٣٤ |
| كۆ | ٤٥ | ٣٢ | ١٢ | ١١ | ١٠٠ |

**ئامادەكردنی پلانی وانەوتنەوە**

یەكێك لە پێداویستییەكانی جێبەجێكردنی ئەزموون دانانی پلانی وانەوتنەوەیە هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (١٣) پلانی بۆ هەریەك لە گرووپی ئەزموونیی بەپێی ستراتیجیەتی (فێركردنی ئاوێتە ) و گرووپی كۆنترۆڵكراو بەرێگای ئاسایی ئامادەكرد ، نموونەیەك لەو پلانە خرایە بەردەم پسپۆران ، پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان گۆڕانكاری پێویست لە پلانەكە كرا ..

**ئامرازی توێژینەوە**

بەو پێیەی ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتیین لە زانینی (كاریگەری ستراتیجی فێركردنی ئاوێتە لەسەر دەستكەوتی خوێندن لای خوێندكارانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لەبابەتی زانستە كۆمەڵایەتیەكان ) ، بۆیە ئەم هەنگاوانە گیرایە بەر:

**تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن**

تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن بەئامرازی دەستنیشانكردنی ئاستی پێشكەوتنی پرۆسەی فێركردن و فێربوون دادەنرێت ، هەر بۆیە بایەخدان بە پرسیارەكانی تاقیكردنەوەكان كارێكی زۆر گرنگ و پێویستە ، لەو بارەیەشەوە بایەخدان بە ئامانجە پەروەردەییەكان لەدارشتن و دانانی پرسیارەكان جێگای بایەخی پەروەردەكارانە ، چونكە لە ڕێگەیەوە هانی خوێندكاران دەدات بۆ ئەنجامدانی چالاكییە هزرییە جۆراوجۆرەكان وەك (یادكردنەوە ، تێگەیشتن ، جێبەجێكردن ، شیكردنەوە ) . (قازی ٢٠٢٣ ص ٩٦.) . ئەم توێژینەوەیە لە یەك گۆڕاوی سەربەخۆ و دوو گۆڕاوی پاشكۆی پێكدێت ، گۆڕاوی پاشكۆی یەكەم بریتییە لە دەستكەوت ، بۆیە لەهەنگاوی یەكەمدا لە چوارچێوەی ئامادەكارییە پێویستەكانی ئامرازەكانی توێژینەوەكە پێویستە تاقیكردنەوەیەك بۆ دەستكەوت بەمەبەستی پێوانەكردنی ئاست و توانای خوێندكاران لەناوەرۆكی بابەتی خوێندن ئامادە بكرێت ، ئەم تاقیكردنەوەیەش پێویستە پشت ببەستێت بە ئاستە دیاریكراوەكانی ئامانجە ڕەفتارییەكان بەپێی پۆلێنی بلۆم بۆ ئاستی ( یادكردنەوە ، تێگەیشتن ، جێبەجێكردن ، شیكردنەوە ) بۆ ئەم

مەبەستە توێژەر تاقیکردنەوەی لەجۆری بابەتی ئامادەکرد کە بریتی بوو لە جۆری (هەڵبژاردن لەچەند دانەیەك ) بە (٣٠) بڕگە .

**ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە**

توێژەر ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد کە (٣٠) بڕگە لەجۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك وە بە (٤) جێگرەوە بۆ هەر بڕگەیەك ، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی خوێندکاران لەئاستی (یادکردنەوە ، تێگەیشتن ، جێبەجێکردن ، شیکردنەوە ) ، لەلایەن ژمارەیەك لە پسپۆرو شارەزایان پشتڕاست کراوەتەوە بۆ شیاوی تاقیکردنەوەکە توێژەر خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم ڕێکارانەی **خوارەوە** دەرهێنا .

**ڕاستێتی تاقیکردنەوە**

ڕاستێتی یەکێکە لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی شێوازی هەڵسەنگاندنی باش ، مەبەست لە ڕاستیی ئەو شێوازەیە ، کەبەکاردەهێنرێت تاکو بتوانیت ئەو پێوانەکارەی ، کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە زانستی بێت (عبدالرؤوف ٢٠١٧ ص٦٨.) ، بۆیە توێژەر هەوڵیدا دوو جۆر ڕاستیی پێوانەکارەکە پشتڕاست بکاتەوە ، ئەوانیش ڕاستیی ڕواڵەت و ڕاستیی ناوەڕۆك بەم شێوەی لای خوارەوە :

**ڕاستێتی ڕواڵەت**

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستیی تاقیکردنەوەکەیە ، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆرو شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و جوگرافیا ، بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و ئاستی گونجاوی بڕگەکان ، هەروەك لەپاشکۆی ژمارە (١) دا ناویان هاتووە . سەرجەم بڕگەکان ڕێژەیی ڕازیبوونی (٨٧%) زیاتری بەدەستهێنا کە ژمارەیان (٣٠) بڕگە پرسیار بوو بەپشتبەستن بە هاوکێشەی (جی کوپەر ) بەم شێوەیە ڕاستیی ڕواڵەت دەرهێنرا.

**ڕاستێتی ناوەڕۆك**

بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕاستێتی ناوەڕۆك توێژەر خشتەی تایبەتمەندی و بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەپێی ئامانجە ڕەفتارییەکان خرایە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆرو شارەزای بواری جوگرافیاو ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن ،

**ئەزموونیی بەرایی (سەرەتایی )**

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم ئەزموونکردنە بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بۆ جێبەجێکردن و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە ، توێژەر ئەزموونیی سەرەتایی لەسنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لەدەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا کە بەشێوازی هەرەمەکی سادە هەڵبژێردراون ، ژمارەیان بریتییبوو لە (٥١) خوێندکار لە قوتابخانەی ( سیروانی ) بنەڕەتی ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە ، لەڕۆژی دوو شەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٥/١٢) پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بەندەکانی خوێندن ، دەرکەوت پرسیارەکان هیچ ناڕوونی و ئاڵۆزیان تێدا نەبوو بۆیە هیچ گۆڕانکارییەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەدا ئەنجام نەدرا و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکە بریتییبوو لە (٤٠) خولەك دواتر هەڵەچنی بۆ وەڵامدانەوەی خوێندکاران بەشێوەیەکی وردو بابەتی ئەنجام درا.

**شیکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە (تحليل فقرات الاختبار)**

پاش پشکنینی وەڵامی خوێندکاران بۆ ئەزموونیی سەرەتایی و ئەژمارکردنی نموونەی هەر خوێندکارێك بۆ تاقیکردنەوەکە بەگشتی ، توێژەر هەڵسا بە ریزبەندیکردنی نمرەی خوێندکاران لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین ، دواتر وەرگرتنی ڕێژەی ٢٧% گرووپی نمرە بەرزەکان و ٢٧% گرووپی نمرە نزمەکان ، وەرگرتنی ڕێژەی ٢٧% لەهەموو ڕێژەکانی تر باشترە ، چونکە دوو گرووپمان دەداتێ کە ژمارەیان بۆ ئامارو ئەژمارکردن گونجاوە . (قەرەچەتانی ٢٠١٨ ل١٠٧.) ، ژمارەی خوێندکاران بریتیبوو لە (٥١) خوێندکار ، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گرووپی بەشێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**هاوکۆڵکەی قورسی برگەکان**

بریتییە لەڕێژەی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە بە دروستی وەڵامی برگەکانی تاقیکردنەوەکە دەدەنەوە . (علام

٢٠٠٠ ص٢٨٨.) بۆ دەرهێنانی هاوکۆڵکەی قورسی هەر برگەیەك لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە ، توێژەر یاسای هاوکۆڵکەی قورسی بەکارهێنا و دەرکەوت ، کە ئاستی برگەکانی تاقیکردنەوە دەکەوێتە نێوان (٠,١٤-٠,٦٣) بەمەش ئاستی قورسی هەموو برگەکان پەسەندن و ئاماژەکراوە .

**هێزی جیاکاری برگەکان**

مەبەست لەهێزی جیاکاری ئەوەیە توانای هەر برگەیەك لەسەر جیاکردنەوەی نێوان ئەو خوێندکارانەی کە ئاست و توانایان بەرزە ئەو خوێندکارانەی کە ئاست و توانایان نزمە لە وەڵامدانەوەی هەر برگەیەك (الكبيسي

٢٠٠٧ ص١٧٨).

بەبەکارهێنانی یاسایی هێزی جیاکاری ، لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی نمرە بەرزو نزمەکان بۆ برگەکانی فرە هەڵبژاردن ، هەروەها بەهایی هاوکۆڵکەی جیاکاری برگەکانی ئەژمارکراو لەنێوان (٠,٠٠-٠,٥٠) بوو ، ئەگەر هاتوو هێزی جیاکاری (٠,٣٠) سەرووتر بێت ، بەو جۆرە دەردەکەوێت ، کە برگەکان شیاون بۆ پێوانەکردن . (امين ٢٠٢٢ ل٥١).

**جێگیری تاقیکردنەوەکە**

توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر (٥١) خوێندکار لەخوێندکارانی قوتابخانەی سیروانی بنەڕەتی ئەنجامدا لەڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٥/١٢) پشت بەستراو بەشێوازی ( تاقیکردنەوەو دووبارە تاقیکردنەوە ) وە جیاوازی کات لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم نزیکەی دوو هەفتە بوو بەکاتێکی گونجاو دادەنرێت ، پاشان بەبەکارهێنانی هاوکۆڵکەی ئاماری پەیوەندی (پێرسۆن ) ڕێژەی پەیوەندی لەنێوان تێکڕای نمرەکانی نێوان وەڵامی خوێندکاران لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا دیاری کرا ، بەبەهای نەگۆڕی (٠,٨٢) بوو .

**ئامرازە ئامرییەکان**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە ، توێژەر هەگبەی ئاماری (spss) بەکارهێناوە لەسەر بنەمای ئەم هاوکێشەی خوارەوە :

**١-تاقیکردنەوەی تائی (T.test)**

بۆ دەرهێنانی هاوتایی نێوان هەردوو گرووپ لەهەندێ گۆڕاو و دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

**٢ـ هاوكۆڵكەی پەیوەندی پێرسۆن**

بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لەڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە .

**٣ـهاوکێشەی کۆپەر**

بۆ ئەژمارکردنی ڕێژەی ڕێکەوتنی نێوان شارەزایان و پسپۆران بۆ ئاماژەدان بەڕەوایی بڕگەکان تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن و پێوەرەکانی پاڵنەری هزری .

**٤ـهاوکێشەی ئاستی قورسی بڕگەکان**

بۆ دۆزینەوەی ئاستی قورسی و ئاسانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

**٥ـهێزی جیاکردنەوەی بڕگەکان**

بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکردنەوەی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

**٣ـ هاوکۆڵکەی کۆهین**

بۆ دۆزینەوەی نرخی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆکان .

## بەشی چوارەم

## ٤ـخستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### خستنەڕووی ئەنجامەکان

### خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم

**ـ گریمانەی یەکەم :** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (٠٥،٠) لەنێوان ناوەندە ژمێری خوێندکارانی گرووپی ئەزموونیی کەبە ستراتیجی ( فێرکردنی ئاوێتە ) وانەیان پێدەوترێتەوە ، لەگەڵ ناوەندە ژمێری خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە ، توێژەر ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ نمرەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوە لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان / جوگرافیا دەرهێنا پاشکۆی ژمارە () ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test ) بۆ هەر دوو گرووپی سەربەخۆ و یەکسان لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری (Spss)، لەئەنجامدا دەرکەوت نرخی (T) ئەژمارکراو کە (٣,٧٧٨) نمرەیە گەورەترە لە نرخی خشتەیی (٢,٠٠٩) بەنمرەی ئازاد (٤٨) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) . بڕوانە خشتەی ژمارە (٨)

**خشتەی ژمارە (٨)**

ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و بەهای (T.test) ئەژمارکراو و خشتەیی لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

| گرووپ | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی T | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونیی | ٢٥ | ٢٣,٦٤ | ٤,٠٤ | ٣,٧٧٨ | ٢,٠٠٩ | ٤٨ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ١٩,٥٦ | ٣,٥٨٣ | | | | |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندژمێری ئاستی دەستکەوتی خوێندن گرووپی ئەزموونیی بەراورد بەئاستی دەستکەوتی خوێندنی گرووپی کۆنترۆڵکراو ، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیی دایە ، وەك هەمان توێژینەوەكانی ( فراس ، ٢٠١٤) و ( فاطمە ، ٢٠٢٢) کە جیاوازی هەیە لەنێوان گرووپی ئەزموونیی کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی دەستکەوت لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە، واتە ستراتیجی (فێرکردنی ئاوێتە ) کاریگەری هەیە لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان / جوگرافیا ، بەراورد بەرێگە ئاسایی ، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری ) کە توێژەر داینابوو رەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل ) پەسەند دەکرێت ، واتای هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گرووپ .

**خستنەرووی گریمانەی دووەم**

**- گریمانەی دووەم :** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ لەهەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

بۆ سەلماندنی راستی ئەم گریمانەیە ، توێژەر ناوەندژمێری و لادانی پێوەری بۆ خوێندکارانی هەردوو رەگەزی (نێرو مێ ) بۆ گرووپی ئەزموونی دەرهێنا ناوەندە ژمێری خوێندکارانی رەگەزی نێر بریتیبوو لە (١٩,٢٢) ناوەندژمێری خوێندکارانی رەگەزی مێ بریتیبوو لە (٢٦,١٣)بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( T.test) بۆ هەر دوو گرووپی سەربەخۆ و یەکسان لەرێگەی بەرنامەی ئاماری (Spss)، لەئەنجامدا دەرکەوت نرخی (T) ئەژمارکراو کە (٧,٣٣٨) نمرەیە گەورەترە لە نرخی خشتەیی (٢,٠٦٩) بەنمرەی ئازاد (٢٣) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) . بروانە خشتەی ژمارە(١٣)

**خشتەی ژمارە (١٣)**

ناوەندژمێری و لادانی پێوەری و بەهای (T.test) ی نمرەكانی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی هەردوو رەگەزی نێرو مێ لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندندا.

| رەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی T ئەژمارکراو | نمرەی ئازاد خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کور | ٩ | ١٩,٢٢ | ٢,٥٨٧ | ٧,٣٣٦ | ٢,٠٦٩ | ٢٣ | بەڵگەدارە |
| کچ | ١٦ | ٢٦,١٣ | ٢,٠٦٢ | | | | |

توێژەر ناوەندژمێری و لادانی پێوەری بۆ خوێندکارانی هەردوو رەگەزی(نێرو مێ ) بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو دەرهێنا ناوەندە ژمێری خوێندکارانی رەگەزی نێر بریتیبوو لە (١٨,٧٥) ناوەندژمێری خوێندکارانی رەگەزی مێ بریتیبوو لە (٢١)بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( T.test) بۆ هەر دوو رەگەزی نێرو مێ لەرێگەی

بەرنامەی ئاماری (Spss)، لەئەنجامدا دەرکەوت نرخی (T) ئەژمارکراو کە (١,٥٥٠) نمرەیە بچووکترە لە نرخی خشتەیی (٢,٠٦٩) بەنمرەی ئازاد (٢٣) لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) . بڕوانە خشتەی ژمارە(١٤)

**خشتەی ژمارە (١٤)**

ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و بەهای (T.test) ی نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراوی هەردوو ڕەگەزی کوڕو کچ لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندندا.

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی T ئەژمار کراو | نمرەی ئازاد خشتەیی | ئاستی بەڵگەدا ری (٠,٠٥) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕ | ١٦ | ١٨,٧٥ | ٣,٠٢٢ | ١,٥٥٠ | ٢,٠٦٩ | ٢٣ | بەڵگەدا رنیە |
| کچ | ٩ | ٢١ | ٤,٢١٣ | | | | |



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی خوێندکارانی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ گرووپی ئەزموونیی بەراورد ناوەندە ژمێری نمرەی خوێندکارانی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ گرووپی کۆنترۆڵکراو ، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیی دایە ، واتە ستراتیجی (فێرکردنی ئاوێتە ) کاریگەری هەیە لەسەر هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ گرووپی ئەزموونی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن بەراورد بەئاستی دەستکەوتی خوێندنی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بەڕێگەی ئاسایی ، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری ) کە توێژەر داینابوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل ) پەسەند دەکرێت ، واتای هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لەنێوان هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری ( ستراتیجی فێرکرنی ئاوێتە ) لەسەر دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی نێرو مێ ، هاوکۆڵکەی (کۆهین) بەکارهێنرا ، دەرکەوت کە نرخی قەبارەی کاریگەری بۆ دەستکەوتی خوێندن بریتیە لە ( ٢,٢٥٨) بەنمرەی ئازاد (٢٣) کەواتا قەبارەی کاریگەرییەکەی بەهێزە . بڕوانە خشتەی (١٥)

**شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان کەلە خشتەکان (٨،١٣ ) خراوەتەڕوو دەردەکەوێت کە وانەگوتنەوەی بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەپێی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەرترە لەڕووی دەستکەوتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەگەزی نێرو مێ لە دەستکەوتی خوێندن بەراورد بەڕێگەی ئاسایی ، لەتوێژینەوەکاندا جەخت لەسەر کارایی ستراتیژییەکە کراوەتەوە بۆ خوێندکارانی قۆناغە جیاوازەکان لەڕووی بەشدارییوونی خوێندکاران لەبابەتی وانەکە ، خوێندکاران بەشێوەیەکی کاریگەرو ڕاستەوخۆ بەشدارن ، ئەمەش وادەکات خوێندکار بەئاگاییەوە بیرۆکەکانی دەربڕێت و حەزو مەیلی بۆ وانەکە زیاد بکات.

لەو توێژینەوانەی لە پێشوودا ئەنجامدراوە ، ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە فێرکردن بە ستراتیجیەتی ئاوێتە لەتوانایدایە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی پتەو لەنێوان خوێندکاران و مامۆستا لەلایەك و نێوان خوێندکاران خۆیان لەلایەکی دیکەوە بەهێز دەکات گیانی هاوکاری و کارپێکەوەیی لەلای خوێندکاران دروست دەکات .

## بەشی پێنجەم : ڕاسپاردەو پێشنیارو دەرئەنجامەکان

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە**

لەئەنجامەکانی توێژینەوەکە گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

- بەکارهێنانی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتی خوێندن بۆ بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان / جوگرافیا لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی .

**ڕاسپاردەکان**

- وەزارەتی پەروەردە زیاتر گرنگی بەبەکارهێنانی ستراتیجیەتە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە بدات بەتایبەتی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان / جوگرافیا.

- ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بۆ هەر قۆناغ و ئاست و بابەتێکی دیکەی جوگرافیا بەکاربهێنرێت لەناوەندە پەروەردەییەکان.

**پێشنیارەکان**

توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانە لەداهاتوودا دەکات.

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە تایبەت بێت بە قۆناغی ئامادەیی .

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ خوێندکارانی زانکۆ لەسەر دەستکەوتی خوێندن.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی


-أحمد مەلا،سۆران حمە أمین(٢٠٢٤)، کاریگەری ستراتیجیەتی فێرکردنی ئاوێتە لەبەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، سلێمانی .

-البرزنجی ، نرمین علی محمد (٢٠١٧) ، کاریگەری ئاوێتەکردنی هەندێك لەنوێگەرییەکانی وانەوتنەوە لەبابەتە مێژووییەکان لەسەر بەدەستهێنانی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سێمانی ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

- ئەلسەعیدی ،ئیبتهال عەباس کازم (٢٠٢٢) ، کاریگەری ستراتیژی کارۆسل لەسەر دەستکەوتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لەلای قوتابیانی قۆناغی دووەم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ، نامەی ماستەر ، زانکۆی بەغداد، بەشی زمانی کوردی.

-شێخانی ، وریا عەلی محەمەد (٢٠٢٢) ، کاریگەری ستراتیژیەتی کاغەزییەك خولەك لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا.

-مەندەلاوی ،ڕووناك غازی محمد ( ٢٠٢٢) ، کاریگەری ستراتیجیەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەو ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، نامەی ماستەر ، زانکۆی بەغداد ، بەشی زمانی کوردی ،

- قازی , ئەژی حمە (٢٠٢٣)، کاریگەری ستراتیژی شەش ڕەهەندی و (SOWM) لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی ، تێزی دکتورا ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی .

-امین, لاڤە حمة سوور محمد(٢٠٢٢), کاریگەری ستراتیجێکی پێشنیازکراو پشت بەست بە ڕێکخراوە هێڵکارییەکان لەبابەتی (Mathematical Analysis) لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتەکە ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی سلێمانی .


### سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی


-الساعدی ، حسن حیال محیسن (٢٠٢٠)، المعلم الفعال ، ط٢، دیالی ، مكتب الشروق للطباعه والنشر.

-محمود , مديحة فخري محمود ( ٢٠٢١), متطلبات تطبيق التعليم المدمج بجامعة حلوان , مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية , ١٥(١),٦.

-الشملتي, اخلاص عبدالقادر مصطفى (٢٠٢٢) , فاعلية التعلم عن بعد والتعلم المدمج في وجهة نظر طلبة البكالوريوس في الجامعات الاردنية ( دراسة مقارنة) ,رسالة ماجستير , جامعة الشرق الاوسط , كلية العلوم التربوية , قسم الادارة والمناهج.

-الشيخ, أمين عبدالمنعم أمين (٢٠١٨), أثر استراتيجيات التعلم النشط في التحصيل الدراسي والاتجاة نحو مادة الفيزياء لدى طلاب الصف الثالث الثانوي بالملكة العربية السعودية , رسالة ماجستير , كلية التربية.

-الكرعاوى,همام مصدق كزار(٢٠٢٤), أثراستخدام استراتيجية التعلم المستند الى المشكلة في تحصيل وتنمية الدافع المعرفي لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة الاجتماعيات , رسالة ماجستير , جامعة كربلاء ,كلية التربية للعلوم الانسانية ,قسم التاريخ .

- عباس , رنا فاضل ( ٢٠٢٢ ) , فاعلية التعلم المدمج في التدريس من وجهة نظر أساتذة الجامعة , مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية , العدد ( ٣ ) جامعة بغداد.

-الريماوي , فراس ثروت ( ٢٠١٤ ) , أثر استخدام التعلم المدمج في تدريس اللغة الانجليزية على التحصيل المباشر والمؤجل لدى طلاب الصف السادي الأساسي , رسالة ماجستير , جامعة الشرق الاوسط ,عمان .

- سلامة , محمد علي (٢٠١٥), فاعلية برنامج تدريبي قائم على استراتيجية التعلم المدمج في اكتساب طلبة معلم الصف مهارات دمج التكنولوجيا في التعليم , واتجاهاتهم نحوة , رسالة ماجستير , كلية التربية , جامعة دمشق .

-سرحان, الاء , عكاب , مناهج مهدي حسن (٢٠٢٣), الاتجاة نحو التعليم المدمج وعلاقتة بالاندماج الاكاديمي لدى طلبة كلية التربية , مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية, العدد ( ٤ ).

-أبو ريش , الهام حرب ( ٢٠١٣ ) , فاعلية برنامج قائم على التعليم المدمج في تحصيل طالبات الصف العاشر في النحو والاتجاه نحو في غزة , رسالة ماجستير , جامعة الاسلامية – غزة.

- مطير , رائد محمد حسن (٢٠١٥), فاعلية توظيف التعليم المدمج في تنمية التفكير الاستدلالي بمبحث التربية الاسلامية لدى طلاب الصف الحادي عشر , رسالة ماجستير , جامعة الاسلامية – غزة.

-وهدان , صابرين وجيه جميل(٢٠٢٠), فاغلية استراتيجية الصف المقلوب في التحصيل والتعلم الذاتي والاتجاهات في الرياضيات لدى طلبة الصف السابع الأساسي في محافظة نابلس , رسالة ماجستير , جامعة النجاح – فلسطين.

-سليمان , حمزة حسني أبو يونس (٢٠١٥), أثر استخدام بعض استراتيجيات حل المسألة الرياضية في تحصيل طلاب الصف السابع الأساسي وأرائهم فيها في مدارس محافظة طولكرم , رسالة ماجستير , جامعة النجاح , فلسطين.

-الشجيري , ياسر , الزهيري , حيدر عبدالكريم(٢٠٢٢) , اتجاهات حديثة في القياس والتقويم النفسي والتربوي , ط١ , مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع , عمان- الاردن .

- عبيدات , ذوقان , عبدالرحمن عدس وكايد عبدالحق (١٩٩٨), البحث العلمي مفهومة و أدواته و أساليبه , دار الفكر ,عمان.

-عبدالرؤوف , المصرى،طارق عبدوايهاب عيسى (٢٠١٧), المقايس والاختبارات – الصميم – الاعداد – التنظيم ,ط١,المجموعة العربية للتدريب والنشر القاهرة , مصر.

-قەرەچەتانى ،كريم شەريف (٢٠١٨)، پێوانەو هەڵسەنگاندن لەبوارى پەروەردەو دەروونزانى ، چاپخانەى تهران –ئێران ، سلێمانى.

-علام ،صلاحدين محمود(٢٠٠٠)، القياس و التقويم التربوى والنفسى أساسياتة وتطبيقاتة وتوجهاتة المعاصرة,ط١,دار الفكر العربي, مدينة النصر-القاهرة.

-الكبيسي , عبدالواحد محمد (٢٠٠٧) , القياس والتقويم تجديدات ومناقشات , ط١, دار جرير للنشر والتوزيع , عمان , الاردن .

Sources

Sources in Kurdish

-Ahmed Mahla, Siran Hama Amin (2024), a summary of the strategy of a Kurdish woman to shelter him in the face of the despicable people of Mecca. He was the one who had fornicated with me. Soleimani, Soleimani.

-Al-Barzanji, Nermin Ali Muhammad (2017). He was having such a bad time that my husband was talking to me about this, so he had a good time for him. Banhhht, Zankici Semani, Bhishi Zansteh Kchmh Ehteh Kan.

-Al-Lassa Aidi, Eibtal Abbas Kazem (2022), A strategic caricature for the destruction of the city of Khawandanah and This is a Kurdish language for Lailai Qutabiani Qishnaghi, who has the best place to live here, stay in the city of Baghdad, Bahashi Zamani Kurdish.

-Shekhani, and Raya Ali Mohamed (2022), A strategic caricature that allows you to have a fun time. There was a long time ago in my country.

-Muhannad Lalawi, Wonak Ghazi Muhammad (2022), A strategic caricature that is important to keep in the dark. This is a Kurdish language that has no meaning in the language of the Kurdish people.

-Qazi, Ehzhi Hama (2023), A strategic caricature of India and (SOWM) for the operation of the system. This is a bad thing. This is a doctor's note, like this, Zankī Soleimani.

-Amin, Lavah Hama Soor Muhammad (2022), A strategic caricature for the Russian Federation that has the best possible meaning, a caricature that has its own meaning (Mathematical Analysis) He spent a long time in his home and left behind his home, and his door was closed, and he slept for a long time. Pervadeh, Zankhi Soleimani.

Saharchawakan Bezmani Ahrbi

-Al-Saadi, Hassan Hayal Muhaysin (2020), The Effective Teacher, 2nd ed., Diyala, Al-Shuruq Printing and Publishing Office.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

-Mahmoud, Madiha Fakhri Mahmoud (2021), Requirements for Implementing Blended Learning at Helwan University, Fayoum University Journal of Educational and Psychological Sciences, 15(1), 6.

-Al-Shamlati, Ikhlas Abdel-Qader Mustafa (2022), The Effectiveness of Distance and Blended Learning from the Perspective of Undergraduate Students in Jordanian Universities (A Comparative Study), Master's Thesis, Middle East University, Faculty of Educational Sciences, Department of Administration and Curriculum.

-Al-Sheikh, Amin Abdel-Moneim Amin (2018), The Impact of Active Learning Strategies on Academic Achievement and Attitudes Towards Physics among Third-Year Secondary School Students in the Kingdom of Saudi Arabia, Master's Thesis, Faculty of Education. - Al-Karawi, Humam Musaddaq Kazar (2024), The Effect of Using Problem-Based Learning on Achievement and Developing Cognitive Motivation among Second Intermediate Grade Students in Social Studies, Master's Thesis, University of Karbala, College of Education for Human Sciences, Department of History.

-Abbas, Rana Fadhil (2022), The Effectiveness of Blended Learning in Teaching from the Perspective of University Professors, Al-Ustad Journal for Human and Social Sciences, Issue (3), University of Baghdad.

-Al-Rimawi, Firas Tharwat (2014), The Effect of Using Blended Learning in Teaching English on the Immediate and Delayed Achievement of Sixth Grade Students, Master's Thesis, Middle East University, Amman.

-Salama, Muhammad Ali (2015), The Effectiveness of a Training Program Based on the Blended Learning Strategy in Acquiring Skills for Integrating Technology in Education and Their Attitudes Towards It among Primary School Teacher Trainees, Master's Thesis, College of Education, University of Damascus.

-Sarhan, Alaa, Akab, and Manahij Mahdi Hassan (2023), The Attitude Towards Blended Learning and its Relationship to Academic Integration among Students of the

Faculty of Education, Al-Qadisiyah Journal of Arts and Educational Sciences, Issue (4.(

-Abu Rish, Elham Harb (2013), The Effectiveness of a Blended Learning-Based Program in the Achievement of Tenth-Grade Female Students in Grammar and Their Attitudes Towards It in Gaza, Master's Thesis, Islamic University – Gaza.

-Mutair, Raed Muhammad Hassan (2015), The Effectiveness of Employing Blended Learning in Developing Deductive Reasoning in Islamic Education among Eleventh-Grade Students, Master's Thesis, Islamic University – Gaza.

-Wahdan, Sabreen Wajih Jamil (2020), The Effectiveness of the Flipped Classroom Strategy in Achievement, Self-Learning, and Attitudes in Mathematics among Seventh-Grade Students in Nablus Governorate, Master's Thesis, An-Najah National University – Palestine.

-Suleiman, Hamza Hosni Abu Younis (2015), The Impact of Using Some Mathematical Problem-Solving Strategies on the Achievement of Seventh Grade Students and Their Opinions on Them in Schools in Tulkarm Governorate, Master's Thesis, An-Najah National University, Palestine.

-Al-Shujairi, Yasser, Al-Zuhairi, Haider Abdul-Karim (2022), Modern Trends in Psychological and Educational Measurement and Evaluation, 1st ed., Arab Community Library for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

-Ubaidat, Thawqan, Abdul-Rahman Adas, and Kayed Abdul-Haq (1998), Scientific Research: Its Concept, Tools, and Methods, Dar Al-Fikr, Amman.

-Abdul-Raouf, Al-Masri, Tariq Abdul-Ihab Issa (2017), Scales and Tests: The Core, Preparation, and Organization, 1st ed., Arab Group for Training and Publishing, Cairo, Egypt.

-Qahrah Thani, Karim Sharif (2018), "Panhu Hehsingandan Lahbuari Bahruhardho Dharwanzani", Chap Khaneh Tehran - Iran, Soleimani.

-Allam, Salahdin Mahmoud (2000), Educational and psychological measurement and evaluation, its basics, applications and contemporary trends, 1st edition, Dar Al-Fikr Al-Arabi, Al-Nasr City - Cairo.

-Al-Kubaisi, Abdul Wahed Muhammad (2007), Measurement and Evaluation, Renewals and Discussions, 1st edition, Dar Jarir for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.